# کورتەیەك لەژیانی جەنابی مامۆستا ملاعوسمان عبدالعزیز
# رابەرو دامەزرێنەری بزووتنەوەی ئیسلامیی
# لەکوردستانی عێراق

## ژیاننامەکەی

لە ساڵی (1922) لە دێی (پریسی سەروو) ناوچەی نەورۆلی– عەشیرەتێکی چوار پێنج هەزار ماڵییە لەنزیک شاری هەڵبجە) کە قەڵای ئیسلامەتییە لە ناوچەکەدا – لەدایک بووە، وە بەرەچەڵەک دەگەڕێتەوە سەر زاهیدی خواناس (پیر خضری شاهۆ) کە زانایەک وعارفێکی گەورەی کوردە.

– هەر لە منداڵی دەستی کردووە بە خوێندنی عیلمە شەرعیەکان لەلای مامۆستا مەلا عەزیزی باوکی وهەر لە سەردەستی ئەویشدا ئیجازەی ریوایەت کردنی عیلمە شەرعیەکانی وەرگرتووە، باوکی پێش ئەوەی ئیجازەی ڕیوایەت کردنی بداتێ هەندێ پرسیاری زۆر قورسی لە هەردوو کتێبی (انوار التنــــزیل)ی قازی بیضاوي و (تحفة المحتاج)ی (ابن حجر) لێ دەکات وماوەی بیست وچوار سەعاتی ئەداتێ بۆ وەڵامدانەوەی، بەڵام مامۆستای ئیمام بەماوەیەکی کەم وڕاستەوخۆ وەڵامی پرسیارەکان ئەداتەوەو باوکیشی سوپاسی خوا ئەکات و ئەفەرموێت: بەڕاستی دەروونت فــێنک کردمەوەو سەلماندت کە پیاوێکی سەرکەوتوویت ولەوەدڵنیات کردم... سەرچاوە: (مامۆستای ڕابەر وتەفسیری قورئانی پیرۆز) نوسینی مامۆستا عبدالرحمن محمد عارف.

– هەر لەو سەرەتایەدا لەگەڵ چەند پیاوێکی ناوداری عەشیرەتی نەورۆلی مەجلیسێک پێک دێنن بۆ کاری (ئەمر بە مەعروف و نەهی لە منکر) لە ناوچەکانی نەوڕۆلیدا ودێ بەدێ خەریکی ئەو فەریزە گەورەیە دەبن، هەر ئەو هەوێنەیە بوو کەشیوعیەت بەو هەموو دەسەڵاتەیەوە تا هەبوو نەیتوانی ڕەگی داکوتێ لەو ناوچانەدا..

– لەساڵی (1954) بەڕێزان شێخ (امجد الزهاوی) کە زانایەکی ئیسلامی گەورەی کوردزبانەو سەرۆکی هەموو زانایانی عێراق بوو لەگەڵ شێخ (صوّاف)دا کاری تەنزیماتی ئیسلامی دروست دەکەن ، جەنابی (مامۆستای ئیمام) ئەوکارە ئیسلامیە دەگرێتە باوەشیی وئەچێتە ڕیزی (برایانی

موسڵمان)ەوە – اخوان المسلمين- لەگەڵ چەند زانایەکی ناوچەی هەڵەبجەدا یەکەمین (خانەی ڕێکخستنی)ی برایانی موسڵمان دروست دەکەن ودەست بەکۆکردنەوەی خەڵکی موسڵمانی ناوچەکە ئەکەن لەدەوری ئەو بانگەوازەو خەڵکی (تەییار) ئەکەن بۆ کاری سیاسی و ئیسلامی.

له (**27**/ڕەمەزانی/ **1959**)دا بەبڕیاری (عبدالکریم قاسم) دەستگیر ئەکرێت ولەناوچەکە دوور ئەخرێتەوەو لەگەڵ بەڕێزان (مامۆستا مەلا صالحی گەورە) کە ئامۆزای خۆی ویەکێکە لە زانا بەتواناکانی ناوچەکە و(مامۆستا مەلا عومەر)ی برا گەورەیی و هەندێ لەسەرۆک و پیاوە دیارەکانی عەشیرەتەکانی ناوچەکەدا نەفی ئەکرێت بۆناوچەی (ناصرية) کە زیاتر لە (**500**) کم ، لەناوچەکەی خۆیانەوە دوور ئەبێ و لەوێدا بۆماوەی (**9**) مانگ دەست بەسەرئەبن وپاشان بەرلێبوردنی گشتی ئەکەون ودێنەوە بۆناوچەکەیان و لەلایەن جەماوەرەوە وخەڵکی ناوچەکە پێشوازیەکی پاڵەوانانەو شاهانەیان لێ دەکرێت.

– لەساڵی (**1960**)ەوە بەڕێز شێخ (صواف) وبرایان هەوڵی بەڕەسمی کردنی کوتلەیەکی ئیسلامیان دا، بەڵام (عبدالکریم قاسم) هەر پەرچی لەو ڕێگەیەدا دروست ئەکرد، ئەوەبوو سەرۆکی دادگای تەمییزی عێراق ئەوکاتە (عەقید شمس الدين) کە پیاوێکی موسڵمان و مولتەزیم بوو بە ئازایەتی خۆی وبەپشت بەستن بەیاساکانی حیزب دروستکردن مۆڵەتی دروستکردنی حیزبێکی ئیسلامیی دەرکرد..شێخ (صواف) وبرایانیشی لە ساڵی (**1960**) کە سیستەمی جمهوری پەیڕەو دەکرا لەعێراق کۆنگرەیەکی ئیسلامیان لە بەغداد بەست ومامۆستا مەلا (عوسمان)نیش وەک نوێنەری خەڵکی کوردستان بۆ ئەو کۆنگرە ئیسلامیە بانگ کراو (حزبی ئیسلامی عێراق)ی تێدا ئیعلان کراو سەرۆکایەتی حیزبەکەیان سپاردە بەڕێز (د. نعمان عبدالرزاق السامرائی)، وە مامۆستا مەلا(عوسمان)یش وتارێکی لەجیاتی خەڵکی کوردستان بەگشتی وناوچەی هەڵەبجە وسلێمانی بەتایبەتی خوێندەوە کەڕۆژنامەی (**الحياة**)ی ژمارە (**88**)ی (**7**/ صفر/ **1380**هـ بەرامبەر بە (**1**/اب/ **1960**) دەقی وتارەکەی بڵاوکردەوە کە ئەمە چەند بڕگەیەکی ئەو وتارەیە: (بإسمي وبإسم زملائي أعضاء وفد لواء السليمانية وقضاء حلبجة، وبإسم سائر إخوانكم الذين تركناهم وهم اشد منا شوقاً لحضور هذا المؤتمر الشريف وأعمق إيماناً بقدسية هذا الحفل الكريم، وبإسم سائر مسلمي ديارنا الذين تربطهم بكم اقوى الروابط الإنسانية واكرمها وأعظمها وأشرفها وهي (رابطة الدين والعقيدة)، بإسم

هؤلاء جميعاً احييكم تحية إسلامية مباركة..يا للأسف لم يفهم أكثر المسلمين إسلامهم الحقيقي وإنما فهموا من الإسلام معنىً رسمه الغرب منذ انْ استولى على بلادنا وهو مجرد عقيدة وصلاة وصيام وهو شؤون شخصية بين العبد والرب لا علاقة له بشؤون الحياة منعزل عن الامور الحيوية كلها!!).

سەرچاوە: (مامۆستای ڕابەر وتەفسیری قورئانی پیرۆز) لەنوسینی مامۆستا عبدالرحمن محمد عارف.

– لەو ساڵانەداو لە ساڵی (1960)دا بزووتنەوەی شیوعی زۆر فشاری بۆ زانایان هێنا وعقیدەی (مادییەت و ئیلحاد)یان فەرز ئەکرد لەسەر خەڵکی، (مامۆستای ئیمام)یش لەڕێگای ووتارو دەرس و نوسین وچاوپێکەوتنەکانیەوە زۆر بەتوندی بەگژ شیوعی وشیوعیەتدا ئەچوویەوە، بەڵام شیوعیەکان تۆمەتی ئەوەیان ئەدایە پاڵی گوایە ئەم مەلایە پیاوی (ئیستیعماروداگیرکەر)ە بۆیە وادژایەتی شیوعیەت دەکات!! لەچاوپێکەوتنێکی بەرێز (مامۆستا مەلا عوسمان)دا هاتووە کە لە ڕۆژنامەی (الوطن) چوارشەممە(1960/11/22) بڵاوکراوەتەوە ئەفەرموێت: وجِّهَ الينا سؤال بشأن الشيوعية والشيوعيين حيث صدرتْ فتوى بتكفير الشيوعيين من قِبَل علماء الوسط والجنوب في العراق، فقلنا نريدُ أنْ تُوَجِّهُوا الينا اولاً سؤالاً بشأن الإستعمار ثم الشيوعية، حيث ان كل من يتكلم ضد الشيوعية يُتّهَم بأنّه له ولاء للإستعمار فوّجّهوا بذلك، ووجّهوا الينا ثلاثة أسئلة كما يلي:

السؤال الأول: ما حكم من يتعاون مع الإستعمار؟

فاجبنا بأن عدوّنا وعدوّ الإسلام الأول هو الإستعمار، وفي ظله نبتتْ كافة المبادئ المستوردة وكل من يتعاون مع الإستعمار لا يعدّ من المسلمين بل هو عدوّهم، قال تعالى: (وَمَن يَتَوَلَّهُم مِّنكُمْ فَإِنَّهُ مِنْهُمْ)

سؤال الثاني: ما حكم مَنْ ينتمي الى الشيوعية؟

الجواب/ لا شك إنّ الشيوعية مادية محضة لا تؤمن بالله ولا باليوم الآخر وسائر الغيبيات ولاشك مِنْ كُفْرِ مَنْ ينتمي الى ذلك الحزب بعد العلم بمبادئه الخبيثة، قال تعالى: (إِنَّ الدِّينَ عِندَ اللّهِ الإِسْلاَمُ) و (وَمَن يَبْتَغِ غَيْرَ الإِسْلاَمِ دِينًا فَلَن يُقْبَلَ مِنْهُ).

السؤال الثالث: ما حكم من يتعاون مع الشيوعيين والشيوعية؟

الجواب: قد يختلف نوعية المساعدة وعلى أي حال، التعاون معهم خدمةٌ للكفر ولا يليق بأي مسلم التعاون معهم، قال تالى: (لَا تَجِدُ قَوْمًا يُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ يُوَادُّونَ مَنْ حَادَّ اللَّهَ وَرَسُولَهُ).

– مامۆستا عوسمان (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) لە ساڵی (1959 تا 1968) بەدرێژایی حوکمی (عبدالكريم القاسم و عبدالسلام)ی برای چەندجارێک چاوپێکەوتن لەگەڵیاندا ئەکات دەربارەی

کێشەی ئیسلامیەکان وکێشەی میللەتی کورد، کە ئەوکاتە هەوڵێکی گوماناوی بۆبە(کافر) یان(باغی) ناساندنی میللەتی کورد دەدا ، کە لەتاو زوڵم وستەمێک لێیان ئەکرا بەردەوام شۆڕشیان ئەکرد، لەوسالآنەدا لە(**1958** تا **1963**)ز بەدرێژایی حوکمی شیوعیەکان چەند جارگرتن ودوورخستنەوە وای کرد کە پیاوماقولآنی عەشایەری ناوچەکە پێشنیاری ئەوەیان کرد بۆجەنابی (مامۆستای ئیمام) و مامۆستا بەڕێزەکانی تری دەوری کە ئاسانکارییان بۆ بکەن وبیانێرنە دەرەوەی ولآت، بەڵام جەنابی مامۆستای ئیمام فەرموویەتی: چوونە دەرەوە ڕاکردنە لە ڕۆژی (زحف)دا و خوا غەزەب و قینمان لێ ئەگرێت، لەبەر ئەوە ئەم ولآتە جێ ناهێڵم تا خوای گەورە حوکمی نێوان ئێمەو ئەم شیوعیەتە فەوزەویانە ئەکات. پاش ئینقیلابی بەعسیەکان لەساڵی (**1968**) کە ولآتیان بەرەو عەلمانیەت ئەبردو فشاریش زیاتر بوو لەسەرکوردو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی تاوی زیاتری دەسەند، جەنابی مامۆستای ئیمام پێشنیاری دروستکردنی باڵی (زانایانی ئیسلامی) بۆ شۆڕشی کورد ئەخاتە بەردەستی زانایانی ناوچەکە.

– لەساڵی (**1974**)و بەسەرۆکایەتی وەفدێکی زانایانی ئیسلامی کوردستان سەردانی سعودیە ئەکات و لەوێدا چاوی بە (ملك فيصل)ی پادشای سعودیە ئەکەوێت و باسی مەسەلەی کوردی بە ڕۆشنی بۆ ئەکات وئەویش زۆر ڕێزی لێ ئەگرێت.

– لەساڵی **1977** لەلایەن ڕژێمی عێراقەوە دەستگیر ئەکرێت لەسەر هەڵوێستەکانی و(**10**) مانگ لە (سَماوة و رميثة) دەستبەسەر دەکرێت و لەوێدا بیری نوێی تەفسیرێکی (حەرەکی) ئەکەوێتە سەر وەک (سید قوتب) (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) هەر لەوێدا چەند جوزئێکی لێ ئەنوسێت.

– لەکۆتایی ساڵی **1978** و سەرەتای ساڵی **1979** کەکاری ڕێکخستنی ئیسلامی بەتەواوەتی نامێنێت بەڕێزمامۆستا(صديق عبدالعزيز)ی برای بچووکی (مامۆستاعوسمان) پڕۆژەی دروستکردنەوەی ڕێکخستنی ئیسلامی ئەخاتە بەردەستی مامۆستاو وردەکاریەکانیشی بۆ باس ئەکات وداوای (فەتوا و پشتیوانی) لێ دەکات. مامۆستا (عوسمان)یش ئەفەرموێت: هەڵگیرساندنەوەی کاری ئیسلامی لەهەموو کاتێکدا واجبەو لەم زەمانەشدا واجبترە چونکە خوای گەورە ئەفەرموێت: (وَقُلِ اعْمَلُواْ فَسَيَرَى اللّهُ عَمَلَكُمْ وَرَسُولُهُ وَالْمُؤْمِنُونَ)، بۆ پشتیوانیش وا بەباشی ئەزانێت مامۆستا وەک کەسێکی سەربەخۆ وزانایەکی ئیسلامی بەناڕاستەوخۆ پشتیوانی لەوکارە بکات، ئەوەبوو کاری

ڕێکخستنی نوێ دەستی پێ کردو لەماوەیەکی کەمدا لەئاستی پارێزگاکانی عێراقدا لەکوردستاندا کاری ئەکرد وە بەردەوام مامۆستای ئیمامیش مزگەوت وماڵەکەی خۆی کردبوە پەناگای ئەو هەموو لاوە موسڵمانەو بەردەوام دەرسی تایبەتی ئەوتەوە بە پیاوان وئافرەتان ولاوان.

– لەساڵی **1986**دا و بۆ یەکخستنەوەی کاری ئیسلامی (وسط)و(شمال)ی عیراق لەسەر بناغەی پرۆسەیەکی وردەکاریی ، مامۆستای ئیمام بوویە ڕابەری کاری کوردستان ولەسەر ئەوئەساسە بەیعەتی وەرگرت لەمامۆستا (صدیق و هاوکارانی)، ئەوەبوو ئیتر پەرتەوازەیی لەکاری ئیسلامیدا کەمە کەمە نەئەماو بەرەو یەکگرتنەوە ئەڕۆیشت و مامۆستا عوسمان قورسی یەکی وای دا بە کارەکە هەموو ئەو بانگبەرە بەرێزانەی تر کەدووریان لەکاری ڕێکخراوەیی و تەنزیمی گرتبوو هاتنە پێشەوەو کارە ئیسلامیەکە مەحکەم و توندوترلْ تر کرا، وە ڕژێمی عێراق کە بەمەی زانی هەر زوو کەوتە پیلان ونەخشە دانان بۆلەباربردنی کارەکەو ساڵێکی نەبرد دەستی کرد بەگرتنی ڕێبەرانی کارەکەو چەند کەسێکی گرت لە (وسط)دا وە ئەمری گرتنی چەند کەسێکی تریشی لە (باکور)ی عێراق دەرکردو لەوانە (مامۆستای ئیمام) و مامۆستا (صدیق) وەهەروەها کۆمەڵێکی تر لەمامۆستایان.

– لەمانگی (**5**)ی ساڵی (**1987**)دا کە ڕژێمی عێراق فشارێکی زیاتری هێنا بۆشارەزووڕو هەڵەبجەو دەستی کردە وێرانکاری لەو ناوچانەداو چەند لادێیەکی نزیکی هەڵەبجەی وێران کردو خەڵکەکەی ئاوارەکردو تەنانەت چەند گەڕەکێکی شاری هەڵەبجەشی دایە بەرتۆپ و (گەڕەکی کانی عاشقان)ی بە ماددەی (**T.N.T**) بەتەواوەتی خاپوور کرد، (مامۆستای ئیمام) ئەو بیرەی کە چەند سالْ بوو لە خولیایدا بوو کردیە (عملی) ولەگەلْ پۆلێک لە زانایان ولاوانی ناوچەکەدا ڕێگەی (هیجرەت)یان گرتەبەر و (بزووتنەوەی ئیسلامی لەکوردستان/ عێراق)ی ڕاگەیاند وەک (بزاڤێکی ئیسلامی جیهادی)و هەموو ئەو هەوڵە ئیسلامیانەی تری پێش خۆی کە هەبوو هاتنە ناویەوە و بەشانازیەوە ڕابەرایەتی (مامۆستای ئیمام)یان قەبولْ کرد وبڕیاری (سمع وطاعة)یان دا بە مامۆستا..

– ئیتر لەو ساڵەوە وەک (سەفیرێکی کوردستان وگەلی موسڵمانی کوردستان) ڕۆڵی بینیوەو لە هەر کوێدا بووبێت باسی مەزلومییەتی میللەتەکەیی و ڕۆڵەکانی (صلاح الدین)ی کردووە وئەو ئاسەوارە

خراپەی سڕیوەتەوە کە مەرامی ڕژێمی عێراق بەرامبەر کورد دروستی کردبوو لە دەرەوەو ناوەوەی نیشتمانی گەورەی ئیسلامیدا.

– لەساڵی (1992)دا خۆی بۆسەرۆکی هەرێمی کوردستان پاڵاوت، ئەوەبوو پاشان ئەنجامی هەڵبژاردنەکە بە پەنجا پەنجا لەنێوان دوو حیزبە گەورەکەی کوردستان (پارتی ویەکێتێ) کورسیەکانی پەرلەمان دابەشکراو سەرۆکایەتی یان(ڕابەرایەتی) کوردستانیش هەر بە (شاغر)ی مایەوە. مامۆستای ئیمام بۆ مەسەلەی خۆپاڵاوتنی لە بۆسەرۆکایەتی هەرێم دوو تەفسیری هەبوو:

(یەکەمیان): سەلماندنی ئەوەی کەئیسلامیەکان وزانایانی ئیسلامی ئامادەن کە سەنگترین باری ئەمانەتی میللەتەکەیان هەڵگرن ولەو پێناوەشدا هەموو خزمەتێک بکەن وکێشەی کوردو ڕۆڵەکانی باپیرە (صلاح الدین) گرێ بدەنەوە بەکێشەی جیهانی ئیسلامیەوەو ڕای گشتی بۆکۆ بکەنەوەو دەستی بەخێری موسڵمانانی دنیا بهێننە ناو پرۆسەی ئاوەدانکردنەوەی کوردستانەوە..

(دووەمیان): حەرەجێک لەناو موسڵمانانی کوردستان دروست بوو کە ئایا دروستە (وەلائی) خۆیان بدەنە غەیری زانایانی ئیسلامی ولەو هەڵبژاردنەدا وگوناهبار نابن.. (مامۆستای ئیمام) چەند جارێک خۆی ئەمەی فەرموو گە ئەو (حەرەج)ەش لەسەر ئیسلامیخوازانی ئەم ولاتە هەڵبگرم ولام گرنگ نی یە ئەنجامەکەی هەر چۆن ئەبێت...

– لەساڵی (1992)ەوە تا ساڵی (1998) مامۆستای ئیمام ڕابەرایەتی (بزووتنەوەی ئیسلامی لە کوردستان/ عێراق) لەئەستۆ گرت وبەهەموو شتێک کە هەیبوو خزمەتی بەو بزووتنەوەیەو ڕۆڵەکانی ئەکرد وچەند جارێک پرۆژەی (یەکبوونی ئیسلامیەکانی کوردستانی) خستە ناوتەنزیمە ئیسلامیە کوردیەکان وڕاگۆڕینەوەی لەسەرکرا، ئەوەبوو لەساڵی (1994)دا پرۆژەی (بەرەیەکی ئیسلامیی لە کوردستان/ عێراق)ی لێ گەڵاڵە بوو لە نێوان (بزووتنەوەی ئیسلامی)و (ڕاپەڕینی ئیسلامی)دا، بەڵام هەل‌و مەرجی ئەو کاتە ڕێگەی بە ئیعلانکردنی نەدا و وەک پرۆژەیەکی پیرۆز هەر مایەوەو لە ساڵی (1995)دا سەر لەنوێ وبەنامەیەکی شەخصی جەنابی (مامۆستای ڕابەر) بۆ(مامۆستا صدیق)ی برای (پرۆژەی یەکبوونی ئیسلامیەکان) سەرنوێ دەرگای بۆکرایەوە، ئەو ساڵەش لەبەر چەند هۆیەک یان زیاتر پرۆژەکە نەگەیشتە ئاکامی پێویستی خۆی: تا ساڵی (1998) کە جەنابی (مامۆستای ڕابەر) بڕیاری (ئیعتیزال)ی لەکاری حزبیدا وخۆی یەکلاکردەوە بۆنوسین وکاری فەتوا دان، بەڵام هەوڵ‌و کۆششی پڕفەری ئەو بوو بەهەوێنی پرۆژەکەو (بزووتنەوەی ڕاپەڕینی ئیسلامی)

هات بەدەم مەشرووعەکەوەو لەیەکبوونی هەردوو لایەنەکە (بزووتنەوەی یەکبوونی ئیسلامیی لەکوردستان/ عێراق) دروست بوو.

– ئاهەنگی ئیعلانکردنی بزووتنەوەی یەکبوونی ئیسلامیی هێشتا نەکرابوو، جەنابی (مامۆستای ڕابەر) سەفەرێکی وڵاتی شام – سوریا)ی کرد بۆ چارەسەری هەندێ نەخۆشی، بەڵام خوای گەورە بڕیاری هەڵکێشانەوەی ڕۆحی ئەو (ڕابەرە ئیمام)ەی دا لەنزیک ئارامگەی (باپیرە صلاح الدین الأیوبي) وەتەرمی بەڕێزیان لەڕۆژی (1999/5/12) هێنایەوە بۆشاری هەڵەبجەی قەڵای موسڵمانان وگۆڕستانی (گولان)، دوای پێشوازییەکی بێ وێنە تەرمی بەڕێزییان بەخاک سپارد..

## شێوخەکانی مامۆستا

**1**)– مامۆستا مەلا (عەزیز)ی باوکی، لەگەڵ عیلمە شەرعیەکاندا ئەدەبی ئیسلامیشی فێرکردبوو ، بۆیە وەک (عالمێکی ڕەببانی) پەروەردەی کردبوو، هەر لەوسەرەتای گەنجێتیەوە، دەستی بە خوێندنی کتێبی (احیاء علوم الدین)دەکات کە ئەوانەی بۆ سەعاتێکیش لە خزمەتیدا بوون ئاسەواری کتێبی (احیاء علوم الدین)یان بەسەر قسەو سلوکییەوە ئەبینی!! مامۆستا مەلا عەزیز تا بڵێی پیاوێکی (بێ نەفس) وخواناس وزانا بووە (نحسبه كذلك ولا نزكي على الله احدا) وە لەونانەی خواردووە کە دەستی پەیدای کردووەو ئاشی ئاوی هەبووەو پاش کارکردنی زۆر بە ئەمانەتەوە دەرسی قوتابیانی ووتوەتەوەو قەناعەتی وابووە تا لەماڵی دونیا دووربێت بە کاریگەرتر ئەبێت ومنداڵەکانیشی موسڵمانانەتر پەروەردە ئەبن...

– بەڕێز مامۆستا (مەلا محمد مەلا عمر عبدالعزیز) وەزیری ئەوقافی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە (برازای مامۆستای ڕابەر)ە بۆی گێڕامەوە کە جارێکیان داوا لەزانایانی کوردستان ئەکرێت (زاناترین)ی ناوخۆیان هەڵ بژێرن ، چونکە حکومەت بەتەمایە بیکاتە (قازی)و دەستەڵاتداری پارێزگای سلێمانی، ئەوانیش مامۆستا (مەلا عەزیزی پریس) دەستنیشان ئەکەن، کە داوایەکی وائەبەنە بەردەستی مامۆستا مەلاعەزیز لە وەڵامیاندا ئەفەرموێت: من بۆ ئەوکارە شیاونیم وبەشوێن یەکێکی تردا بگەڕێن! دۆستانی داوای هۆی ڕەفزکردنەکەی لێ دەکەن، ئەفەرموێت: ئەگەر بچمە سلێمانی وتێکەڵ بەدونیابم ئەترسم (عمر) و(عوسمان) دوایی نوێژنەکەر و بێ کەڵک دەربچن، منیش

ئەمەویت بۆ خزمەتکاری دین پەروەردەیان بکەم! پێشبینییەکەی مامۆستا مەلا عەزیز زۆر لەجێگەی خۆیدابوو، ئەوکارەی نەکرد ومناڵەکانی هەموویان بونە خزمەتکاری دین، دینیش ودونیاشیان دەست کەوت، بەپێچەوانەوە غەیری ئەو دوای دونیا کەوت، نە دونیاکەی دەست کەوت و نە دینەکەشی بەساغی بۆ مایەوەو نەمنداڵەکانیشی بەو شێوە دەرچوون کە ئەو بەتەمای بووا!..

2)- مامۆستا مەلا صاڵحی گەورە کە ئامۆزای مامۆستای ڕابەریشە، زانایەکی گەورەی ناوچەکە بوو، زۆرێک لە عیلمە شەرعیەکانی لای ئەم خوێندو پاشان هەر ئەم پاڵپشتێکی چاکی بوو بۆ زیاتر ئەنجامدانی کاری (ئەمر بە معروف و نهی لە منکر).

3)- نهێنیەکی گەورەی (مامۆستای ڕابەر) هەیە زۆر لەو نهێنییە ئەچێت کە لە ژیانی (شێخی ئیسلام ئیبنی تەیمیە)دا هەیە.. ئەویش ئەوەیە (مامۆستاکانیان زۆر کەمن کەچی عیلمێکی زۆریان پەیداکردوە). زانایان بەدوای ئەو نهێنییەی ژیانی شێخی ئیسلامدا ڕۆشتن ودوو وەڵامیان داوەتەوە:

یەکەمیان: (ئیبنی تەیمیە) بە بەردەوامی لای باوکی خوێندوویەتی چونکە باوکی زانایەکی گەورەی مەزهەبی (حنبلی) بوەو خاوەنی کتێبی زۆر بووەو باووباپیرانی وبنەماڵەکەی بنەماڵەیەکی عیلمی بوە..

دووەمیان: زەکاوەتی خۆی کە تەحصیلی زاتی زۆر بووەو بەردەوام خوێندویەتیەوەو عیلمی تری بە(مطالعة) وەرگرتووە.. ئەم نهێنییەی ژیانی شێخی ئیسلام بە ژیانی (مامۆستای ڕابەر مامۆستا عوسمان)یشدا دووبارە بوەتەوە، مامۆستاکانی لەباوکی ومامۆستا مەلا صاڵح دەرنەچووە، کەچی ئەوانەی ئەزانن زانایان (تقییم) بکەن ئەڵێن: مامۆستا مەلا عوسمان دەریایەک بوو لە (عیلم)دا.. هۆکەی هەر ئەو دوو شتەیە کە بۆ (ابن تیمیە) وتوویانە:

1- مامۆستا مەلا عەزیزی باوکی بەتەواوەتی گۆشی کردبوو، بەردەوامیش تا لە ژیانیدا بوو هەر عیلمی پێ ئەدا.

2- خۆشی زۆری ئەخوێندەوە و (حفظ)یشی زۆر بەهێز بوو بە ڕادەیەک عیباراتی زانایانی بە (متن) لەبەر بوو.

بیرمە لەخزمەت زانایەکی ناوچەکەدا بووم لەکاتی ئاوارەیی وهیجرەتدا لەئێران، ئەو مامۆستایە مەسەلەیەکی عیلمی لێ ئیشکال بووبوو نەیئەزانی چۆن (تحریر)ی بکات، لە خزمەت ئەو مامۆستایەو چەند مامۆستایەکی تردا بۆ (عەیادەی) مامۆستا چووین، چونکە نەخۆش بوو، مامۆستا

پرسیارەکەی لە (مامۆستای ڕابەر) کرد، (مامۆستای ڕابەر) هەر بە ڕاکشاوی ولەناو جێگەکەدا وەڵامەکەی دایەوەو ئیشکالەکەی بۆرەفع کرد، مامۆستا دوایی زۆر (معجب) بوو بە زانایی جەنابی مامۆستای ڕابەرەوە.!!

## قوتابییەکانیی

1)- مامۆستا مەلا علی عبدالعزیز کە ئێستا ڕابەری گشتیی بزووتنەوەی ئیسلامیە لە کوردستان.

2)- مامۆستا شێخ عەزیزی پارەزانی، زاناو نوسەری بەتواناى کوردو خاوەنی کتێبی (ژیانی پێغەمبەری مەزن) کە کتێبەکە لە (سیرە)دا بە قەبارەی (850) لاپەڕە.

3)- د. مصطفی پێنجوێنی کە زانایەکی بەناوبانگ ولەناوەندە عیلمییەکاندا پێویستی بە ناساندنی نیە.

4)- مامۆستا صدیق عبدالعزیز کە برای بچوکی خۆیەتی وئەمینداری گشتی بزووتنەوەی ڕاپەڕینی ئیسلامی بوو کە بزاڤێکی (دەعوی و ثقافي) گەورەبوو لەگەڵ بزووتنەوەی ئیسلامیدا لەساڵی (1999) یەکیان گرت.

5)- مامۆستا مەلا عومەری ڕیشاوی (داعی وخواناسی) ناوداری ناوچەی خۆی ویەکێکە لەو زانا ناودارانەی کە فەزڵی زۆری هەیە بەسەر ئەندامانی بەناو (یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان) لە ڕووی عیلم وئیمانەوە.

6) مامۆستا مەلا ئەحمەد کاکە محمود کە زانایەک ونوسەرێکی بە توانایەو لە زۆر مەیدانی فیکری ئیسلامیدا نووسینی هەیەو (تەفسیرێکی کوردی لەسەر ڕێڕەوی **ابن كثير** )دا ئامادە کردووە بۆچاپ، وە ئەندامی مەکتەبی سیاسیی بزووتنەوەی ئیسلامیە.

7)- مامۆستا (مەلا محمد عمر) کەبرازای مامۆستای ڕابەرەو پیاوێکی زانا و بەتوانایەو وەزیری ئەوقاف وکاروباری ئیسلامی بوو لەحکومەتی هەرێمی کوردستان ونووسەرێکی بەتوانایە لە (فیکری ئیسلامی) و (مقارنه الادیان)دا.

8)- مامۆستا (مەلا ئەحمەدی شافیعی) کە بانگخوازێک وزانایەکی گەنجی ناوچەکەیە ئێستا لە ژیاندایەو یەکێکە لەوکەسانەی (مامۆستای ڕابەر) زۆر ئومێدی پێ هەبوو، بۆیە کەمتەرخەمی نەئەکرد لەگەڵیدا و وەک دۆستێکی خۆی مامەڵەی لەگەڵدا ئەکرد.

9) مامۆستا (مەلا علی کۆکۆیی) کە مامۆستای قوتابخانەیەو ڕۆڵی بەرچاوی لە پێگەیاندنی لاوانی هەڵەبجەدا هەیەو پیاوێکی دەمڕاست و (مصلح)ی ناوچەکەشە.

10)- مامۆستا (شێخ محمد سازان): کە پیاوێکی زانا و عارفی هەڵەبجەیەو خەریکی (تدریس) کردنە.

11) مامۆستا مەلا (حمە امین) ئیمامی لە کوردستانی ئێران.

12)- مامۆستا (شێخ بابا علی کوڕی شێخ عومەری قەرەداغی) ویەکێکە لە زاناکانی کوردستان ولەفیکری ئیسلامیدا (تجدید)ی کردووەو نوسینی زۆری هەیە.

13)- مامۆستا مەلا محمد سۆفی عبدالکریم لە عەشیرەتی (بابا جان)ە لە کوردستانی ئێران.

14)- مەلا محمدی کلانی کە لە سلێمانی خەریکی (تدریس)ە.

15)- مەلا احمدی تاوگۆزی ومامۆستا سید احمد سید جمیل هەر لە تاوگۆزی.

16)- مامۆستا مەلا عبدالقادری عبدالرحمن کە زانایەکی بەتواناو پیاوێکی خاوەن ئەدەبەو بەردەوامە لە تەدریس وفەزڵی زۆری بە سەر قوتابیانی ناوچەکەوە هەیە، بەتایبەتی ماوەی چەند ساڵ مامۆستای (پەیمانگای ئیسلامی بوو لە هەڵەبجە).

17)- مامۆستا شێخ خالد مفتی کەزانایەکی ناوچەکەیەو بنەماڵەیەکی عیلمیین ومناڵەکانیشی لەڕێگەی باوک ومامیانەوە (مامۆستا شێخ نورالدین مفتی) بەردەوامن لەسەر ڕێبازی (تدریس).

18)- مامۆستا شێخ نورالدین مفتی کە ئەویش زانایەکی تری بە توانایە وخەریکی (تدریس) کردنە بەبەردەوامی و ئەو ڕێبازەی بۆ خۆی ومنداڵەکانی بەرنەداوە.

19)- مامۆستا (مەلا عبدالطیف)ی بامۆک و (مامۆستا مەلا صاڵحی) بامۆکی کە دوو زانای بەتواناو زیرەکی ناوچەکەبوون، یەکەمیان لە ژیاندا ماوەو دووەمیان لە وڵاتی (هیجرەت)دا گیانی سپاردە خوای گەورە.

20)- مەلا عبدالغفار ومەلا محمود کە سەر بە عەشیرەتی ئیمامین وڕۆڵی زۆریان بینیوە لەناو عەشیرەتی خۆیاندا بۆ بەرز ڕاگرتنی شعائرو دروشمەکانی ئیسلام وسوننەتی پێغەمبەر (صلی اللە علیە وسلم).

21) مەلا محمدی هۆرێنی کە زانایەکی ناسراوی ناوچەی گەرمیانەو ڕۆڵی زۆری بینیوە لە دروستکردنی صەحوەی ئیسلامی لە گەرمیان.

22)- مامۆستا شێخ محمدی شەمێرانی کە پیاوێکی زانا وفەتوادەری ناوچەکەیە.

23)- مامۆستا مەلا موسا، کە پیاوێکی ڕۆشنبیرو بانگبەری ناوچەکە بووەو زۆربەی کاتەکانی زەمانی خوێندن لە خزمەت مامۆستای ڕابەردا بردۆتە سەر.

24)- مەلا ئەحمەدی جوانڕۆیی لە کوردستانی ئێران کەمامۆستایەکی بەتواناو دانای جوانڕۆیی کوردستانی ئێرانە.

25)- مامۆستا مەلا محە امین کلاشی کە ئەویش هەر لە جوانڕۆیەوە لە سەر جەنابی مامۆستا مەلا عەزیزی باوکی مامۆستای ڕابەر شیعرێکی زۆریشی هەیە ولەوانەی کە جارێکیان لە خزمەتیدا بووم بۆی گێڕاینەوە فەرمووی:

بەستەکەی (تحفە) لەگەڵ (براملیسی) * کێ شەرحی بکات مەگەر (پریسی).

## بەرهەمەکانی مامۆستای رابەر

مامۆستای ڕابەر مامۆستا مەلا عوسمان (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) لەبەر ئەوەی زۆرتر خەریکی (تدریس)و کاری ئیسلامیی وسوڵحی نێوان خەڵک وعەشیرەتەکان بوو، کەمتر بواری ئەوەی هەبوو کاری وەرگێڕان وکتێب دانان بکات. چونکە هەر لەسەرەتای لاوێتی‌یەوە، جەنابی باوکی ئیجازەی ریوایەت کردنی عیلمە شەرعیەکانی پێداوەو ئیتر لەهەندێ کاتدا ئەرکی (تدریس)یشی لەسەر شانی باوکی هەڵگرتووە... پاشان سەرقاڵی (ئەمر بە معروف و نەهی لە منکر - فەرمان بە چاکەو ڕێگرتن لە خراپە) بوە ولەساڵەکانی (1959 تا 1963) هەر خەریکی دژایەتی کردنی شیوعیەت ومەزهەبی مارکسیەت بووە کە مەزهەبێکی فیکری ئیلحادی بوە ودەوڵەتی ئەوکاتەی عێراقیش پشتیوانی تەواوی لێ کردوون ولەو پێناوەدا جەنابی (مامۆستای ڕابەر) چەند جار سجن ونەفی کردن بوەتە هاوڕیی. پاشان کاری (حیزبی ئیسلامی)یش سەرقاڵیەکی زۆری بۆدروست کردووەو تائینقیلابی (1968)ی بەعسیەکان ویاساغ کردن وهەڵوەشاندنەوەو قەدەغەکردنی حیزبی ئیسلامی وپاشان موصادەرەکردنی هەموو ئەملاک وچاپخانەو ڕووەدونانی سەرانی حیزبەکەو شەهیدکردنی هەندێک ، تا کارگەیشتە ئەوەی ئەو کارە تەنزیمی‌یە تەواو کزولاواز بوو، بەڕەسمی کاری حیزبی ئیسلامی لەساڵی (1973)دا ڕاگیرا، لەساڵی (1970)وە مامۆستای ئیمام تا ساڵی (1974) خەریکی کاری ئەمر بەمعروف ونەهی لەمنکر بوو لەناو شۆڕشی کوردیداو توانی پاش پشتیوانی

خوای گەورە و بەیارمەتی مامۆستایانی بەڕێزی کوردستان ئەوشۆڕشە لەوسەرەتایەدا بپارێزن لەوەی مارکسیەت بالآدەست ببێت بەسەریدا، پاش ئەوەی شۆڕشی کورد بەپیلانێکی ئیقلیمی ونێودەوڵەتی تووشی گلان وشکست هات لە ساڵی (1976)دا مامۆستای ئیمام دوای ئەوەی هەندێ کاتی دەست کەوت تێیدا شان بەشانی (تدریس) و(کارە خێرخوازی‌یەکان) دەست بداتە (نووسین) و کاری پەروەردەی گشتی ئیسلامی.. پاش ساڵی (1978) کە پرۆژەی (ڕێکخستنی نوێ) خرایە بەردەستی وئەویش (فەتوا) و (پشتیوانی) خۆی بۆ دەربڕی، کاری نووسین وکتێب دانان زیاتر زەرووڕەتی پەیدا کرد، بۆیە لەسەرەتای هەشتاکانەوە وە لە (1980) بە دواوە مامۆستا دەستی بە نۆبەرەی چاپی (تەفسیری قورئان) کرد.

لەساڵی (1987) کە تێیدا مامۆستای ئیمام هیجرەتی کرد بۆ ئێران ولەوێدا هێزی (عەقیدە) و هێزی (بازوو)ی پێکەوە گرێداو ئیعلانی (بزووتنەوەی ئیسلامی لە کوردستان/ عێراق) کردو سەر لەنوێ سەرقاڵی بۆ دروست بویەوە تا ئەو کاتەی کە کەمتر لە ساڵێک بڕیاری (ئیعتیزال) کردنی لە سیاسەت دا وبەشێوەیەکی گشتی دەستی دایە کتێب نووسین بەلآم (لله ما أخذ ولله ما أعطى وكل شيء عنده بأجلٍ مسمى)، ئەجەل ڕێگەی پێ گرت وقەڵەمەکەی لەدەست سەندو بۆ لای پەروەردگاری خۆی بانگ کردەوە . ئەم تەمەنە پڕ سەرقاڵی‌یە بەکاری خێرەوە هەموو جارێک (مامۆستای ئیمام) لەگەڵ کاتدا پێشبڕکێ‌ی ئەکردو لە ئیسراحەتی ئەگرتەوەو دای ئەنا بۆ نووسین ، عادەتی وابوو (بەڕەحمەت بێت) دوای نوێژی بەیانی تا چێشتەنگا هیچ کارێکی نەئەکرد، نووسین نەبێت، بۆیە خوای گەورە ئەو منەتەشی خستە سەر شانی وکردیە خاوەنی چەند بەرهەمێکە .

نووسینی تەفسیرێ تەواوی قورئانی پیرۆزە لە (15) بەرگدا و بۆیەکەم جار لەلایەن پڕۆژەی تەفسیری قورئانی پیرۆزەوە لە چاپدرا ، ئەم تەفسیرە هەندێ تایبەتمەندێتی هەیە جێگەی خۆیەتی بەکورتی ئاماژەی بۆ بکەین:

1- ئەم تەفسیرە بە زبانێکی سادەو پاراوی کوردی نوسراوە و گرێ وگۆتاڵی تێدا نیەو هەموو کەس سوودی خۆی لێ وەردەگرێت.

2- ئەم تەفسیرە زیاتر تەفسیری قورئان بە قورئانە یان قورئان بە (حدیث)، زۆر بەدەگمەن ڕێگی داوە عەقڵکاری بکات لەتەفسیرەکەدا ئەویش لەبەرئەوەی باشترین تەفسیری قورئانە لای(مامۆستای ڕابەر و موجاهید) تەفسیری قورئان بە قورئان وپاشان تەفسیری قورئان بە (حدیث).

3- مامۆستای ڕابەر لە تەفسیرەکەیدا وبەتایبەتی لەمەسەلەکانی (عەقیدە)دا مەیلی دڵ وقەڵەمی داوە بە مەزهەبی (سەلەف) وڕای زانایانی (خەلەف)یشی فەرامۆش نەکردووە.. جارجار لەئەنجامی موناقەشەی هەردوو مەزهەبدا، تەرجیحی مەزهەبی (سەلەف)ی داوەتەوەو ڕێگەشی بە ئاچووغ کراوی هێلاوەتەوە بۆ دیراساتی زیاتر.

4- تەفسیرەکەی جەنابی (ڕابەر) لەگەڵ تەفسیرە کوردیەکانی تردا لەوچەند خاڵەی ڕابردوو جیاوازیان هەیەو لەوەشدا هەر جیاوازن کە ئەم نە ئەوەندە کورت کراوەیە کە پێویست بە (ڕاڤەی تر) بکات نە ئەوەندە درێژە پێویست بە کورتکردنەوە بکات.

5- لەهەندێ شوێنی تەفسیرەکەشدا مەسەلەی جۆربەجۆرەکانی (فقهی ئیسلامی) داوەتە بەرباس ولێکۆڵینەوەو بەسەریدا نەڕۆیشتووە وەک هەندێ لە (تەفسیر زاناکان)ی تر.

بەڕێز عبدالرحمن محمد عارف دیراسەیەکی تایبەتی لەسەر ئەم خاڵەی ئێمە نووسیوە وئەگەر جارێکی تر پێیدا بچێتەوە، زۆر جێگەی خۆیەتی وەک باسێکی سەربەخۆ چاپ بکرێت.

بەرهەمیی دووهەمی مامۆستا: بریتی‌یە لە (شەرح کردنی کتێبی صحیحي ئیمامی بوخاری)..

(مامۆستای ڕابەر و موجاهید) ئومێدی وابوو کە پاش تەفسیری تەواوی قورئانی پیرۆز، شەرحی تەواوی صحیحي بخاریش بکات، بەڵام وەک ئاواتەکەی ئیمامی (نەوەوی) ئەویش بوخاریەکەی بۆ تەواو نەکراو ئەم ئاواتە شیرینەی بردە ژێر گڵ.

ماموستای ڕابەر یەک لەسەر سێی صحیحي بوخاری شەرح کردووەو ئێستە دوو بەرگی چاپ کراوەو کەوتۆتە بەردەستی خوێنەرانی کورد زبان.

بەرهەمی سێهەم: نووسینی کتێبێک لە(علوم القران)دا کە ماموستا لەژیاندا بوو لەنووسینەکەی بوویەوە، بەلام بەداخەوە بە چاپ کراوی نەی بینی هەر چەندە زۆر لای شیرین بوو، بەرادەیەک وەسیەتی دابوو کەزۆر گرنگی پێ بدرێت.

بەرهەمی چوارەم: نووسینی چەند نامێلکەیەک لەعیلمە ئیسلامیەکاندا بۆقوتابیانی زانستە شەرعیەکان بەتایبەتی وای نیازبوو لەدوای (ئیعتیزال)کردنی لەکاری سیاسی برەوێکی زیاتر بە (قوتابخانە شەرعیانە) بدات وناوی لێ نابوون پەیمانگای (عبدالعزیز) بۆ زانستە شەرعیەکان.

بەرهەمی پێنجەم: هەندێ نامیلکەی تر وەک (فەتوا) نووسی کەچارەسەری هەندێ کێشەو گرفتی ناو کۆمەڵگەی کوردەواری بکەن وەک (بیدعە چییە)،(تەلاقی سێ بە سێ بەیەکجار ئەکەوێت؟ یا نا)..کە ماموستا لە ڕووی دیراسەیەکی (حدیثي) ووردەوە بڕوای وابوو کەتەلاقی سێ بەسێ یەکجار ئەکەوێت وتەلاقەکەی (بائن) ئەبێت.

شەشەمین بەرهەم: هەندێ کتێبی لەبەر شیرینی وجوانی کتێبەکە ئەوەندەی تر جوان وشیرینی کردبوو بە تەرجەمەکردنی بۆسەر زبانی کوردی لەوانە: (شبهات حول الإسلام – محمد قطب)و(الی الشباب)ی ڕابەر حسن بەننا ، ماموستای ڕابەر خوا زاناترە ئەگەر خوای گەورە مۆڵەتی بدایە ودەستی بۆ وەرگێڕان ودانان بکرایەتەوە، کاری گەورەی زۆری بەئەنجام ئەگەیاند چونکە لەنووسیندا زۆر کەم وێنە بوو لە تاقەت وخەتخۆشیشدا.

## هەندێ لەڕەوشتەکانی جەنابی ماموستا

(خوودیدەن)ی زانایانی پێشوو وەهابوو لەسەر هەرکەس بیانوسیبا بڕگەیەکی نووسینەکەیان تەرخان ئەکردبۆ (ڕەوشتەکانی ئەوکەسە) جا ئێمەش بەو ئادابە حەز دەکەین ئەم بڕگەیە تایبەت بکەین بەو ڕەوشتە جوان و شیرینەکانی ئەو زاتە.

هەرچەندە (خوا شاهیدە) هەرچی ڕەوشتی هەیە لەجوانیدا سەرنجی هەموو لایەکی ڕادەکێشا بەلام نموونەهێنانەوە هەر هەبووەو بێ ئەو باسە کۆ نابێتەوە.

یەکەم: دینداری مامۆستا: سەرەتا دەڵێین: (نحسبه كذلك والله حسيبه ولا نزكي على الله احاً نحسب فيه).. کە ئەوەندە دیندار بوو بە نمونە لەناو خەڵکدا باس دەکراو ئەیانوت بەکەسێک کەدینار بێت: (ئێمە وەکو مامۆستا مەلا عوسمانمان پێ ناکرێت). دینداری مامۆستا لەنوێژو کاتیدا بەتەواوی دەرئەکەوت، لەدانیشتنەکانیدا دەرئەکەوت.. لەدەم پاکیدا دەرئەکەوت.. لەزیکری بەردەوامی مامۆستادا دەرئەکەوت.. لەدەرس ودەورەکانیدا بەتەواوەتی دەرئەکەوت کە جار نەبوو لەدەرسەکانی یان ووتارەکانیدا دەستی بەگریان نەکردبایە.

– ئەیفەرموو: ناوێرم بڵێم (إن صلاتي ونكسي ومحيايي ومماتي لله)، ناچارم ئەوە بخەمە دڵم کە مەبەستم بە (محيايي) ئەوەیە (خوایە ژیان و مردنی من بەدەستی تۆیە) چونکە ئەترسم درۆ بێت بڵێم ژیانم بۆ تۆ تەرخان ئەکەم. – ئەیفەرموو: شەرمە خوا ئینسان بەسەر کوناهەوە ببینێ!!

– هەموو جارێ دەیوت: خوا ئەفەرموێت: (وجاهدوا في سبيل الله بأموالكم وانفسكم) دەی ئەگەر خوا لێم قبوولٚ بکات ئەوە لوتفی خۆیەتی لەماڵی دونیا کەوچکە چاییەکم بۆ دەرنەچوو هەموو تیاچوو، (نەفس)یش ئەوە (زوبێر)ی کورم بوو زۆر دڵم پێی خۆش بوو کە دوای خۆم پیاوێکی باش دەربچێت ئەویش شەهید بوو (خوا بەشەهید قەبولی بکات).

– ئەیفەرموو: دەخیل براینە خوا لەخۆتان مەرەنجێنن.

– ئەیفەرموو: هەرکەس جیهادی نەفسی خۆی پێ نەکرێت جیهادی دوژمنانی دینی پێ ناکرێت.

تا لەژیاندا بوو نموونەی دینداری بوو، بەڕاستی ئەو کەسە بوو کە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) ئەفەرموێت: (ألا انبؤكم بخياركم الذين اذا رأوا ذكروا الله عز وجل)

دووەم: ڕێزگرتنی بەرامبەر: (مامۆستای ڕابەرو موجاهید) نەی ئەزانی ڕێزی بەرامبەر نەگرێ، ئەو کەسە گەورە بووایە یا بچووک، خزم بووایە یا بێگانە، تەنیا بووایە یا لەناو کۆمەڵدا بووایە.

گەلێ جار مانەوەی کەسێک لەلای ماندووی ئەکرد بەلام نەی ئەتوانی ئیزنی لێ وەربگرێت.. (اللهم) بۆ نوێژەکانی نەبووایە، چونکە کە نوێژ ئەهاتە پێشەوە کەسی نەئەناسی وەک بڵێی (لیقای خوا)ی بەکەس نەئەگۆڕیەوە تەنانەت ئەگەر لەدانیشتنی حزبیی ڕەسمیش دا بووایە دانیشتنەکەی بەجێ ئەهێشت و ئەچوو بۆ نوێژەکەی.

سێهەم: ڕێزگرتن لە (عیلم وعولەماء): مامۆستای ڕابەر لەبەر ئەوەی خۆی زۆر زانا بوو ئەیزانیی عیلم چیەو زانا چەندە گەورەیە لای خوا، بۆیە ئەمیش زۆر گەورە سەیری ئەکردن.

زۆر لەوە عادز ئەبوو گەنجێکی مولتەزیم وموسڵمان لە (کەم دەرکی) خۆی بەرامبەر زانایانی هەوچەرخ یان زانایانی ناو قەبر قسەیەکی ناشایستەی بکردایە.. ئەگەر مامۆستا عادزییەکیشی لەیەکێک بووبێت لەسەر شتێک لەم شێوەیە لێی عادز بووە، بۆیە مامۆستا قسەی زانایانیشی ئەوەندە بەهەیبەتەوە باس ئەکرد کەسێک کە بچوکی زۆری کردبێت لەخزمەتیدا هەرگیز نەیتوانیوە موخالەفەی (قول)ێکی شافیعی یان (لەمەزهەبی شافیعیدا) بکات لەبەر ئەو هەیبەتە ئیتر با بوەستێ موخالەفەی (ئایەتێک) یان (حدیث)ێک.

– ئەیفەرموو: ئەگەر زانایان نەبن دینیش نامێنێت.

– ئەیفەرموو: لەناو سەحابەشدا زاناکانیان ڕێزی تایبەتیان هەبوو،

– ئەیفەرموو: ڕێزی ئینسان بەندو بەستراوە بە (عیلم)ەوە، تا عالمتر (زاناتر) بیت خوا ڕێزی زیاتری لێ ئەنێت ومەلائیکەش جاڕی بۆ ئەدەن.

چوارەم: زهدو دونیا نەویستی: مامۆستای ڕابەر ئەوەندە دونیا نەویست بوو نەی ئەزانی ئایە پارە لە گیرفانیدا هەیە یان نا، هەر پارەیەکیش دەستی بکەوتایە خێرا ئەیبەخشیەوە، ئەو کەسانەی لەگەڵیدا بوون و یا قوتابی بوون لەخزمەتیدا ژیاون ئەزانن (مامۆستای ڕابەر) لە دونیادا قێزی کردۆتەوەو تەلاقی (بائن) لەنێوانیاندا هەبووە. ئەوەندەش بێ مەیل بووە بە دونیا داوای هەرچی لێ بکرابایە (نا)ی نەبوو، وەک شاعیر دەڵێت:

ما قال (لا) إلاّ في تشهد ولولا التشهد لكانَ (لا)ئە نعم

پێنجەم: شەرم وحەیای مامۆستا: بەڕاستی (حەیاء) سیفەتێکە مرۆڤ بە خوێندن فێری نابێت بەڵکو بە (معاشرە) فێری ئەبێت، هەرکەسێک لای مامۆستادا ماوەیەک مابێتەوە فێری ئەدەب و شەرم کردن ئەبوو، یان هەر هیچ نەبێ فێری ئەوە ئەبوو (شەرم) یانی چی. تەنانەت خەڵکی عیلمانی کە ئەچوونە خزمەتی شەرم ئەیگرتن و زۆر بە ئەدەبەوە لەخزمەتیدا دا ئەنیشتن.. من ئەمەم لەچەند کەسی (بەرپرس) و (دیار)ی ناو عیلمانیەکان بیستووە کە ئەڵێت: ئەچمە لای مامۆستا مەلا عوسمان هەیبەت ئەمگرێت و شەرم ئەکەم قسە بکەم.

شەشەم: زانای مامۆستا: مامۆستای ڕابەر و موجاهید لەبەر ئەوەی هاوچەشنی کەم بوو لەناو زانایانی ناوچەکەدا، زانایانی ناوچەکە چاوەڕوانی ئەوەیان ئەکرد کە (مامۆستای ڕابەر) لە مەسەلە ئاڵۆزەکاندا ئەخیر قسە بکات وکەسیش ئیجازەی بەخۆی نەئەدا لەقسەی مامۆستادا قسە بکات وەک چۆن لەناو تابعیندا ئەوترا (أيفتى ومالِك في المدينة؟!!) خەڵکیش وایان ئەوت بەرامبەری جەنابی مامۆستا مەلا عوسمان کێ ڕووی دێت فەتوا بدات و مامۆستا مەلا عوسمانیش لەشاردا بێت.
بەم نوسینە زۆر کورتە ئەتوانم دڵخۆشی بم کە ئەدای وەفادارىیەکم کردبێت بەرابەر بەجەنابی (مامۆستای ئیمام) خوا لەو خۆش بێت و ئەم هەوڵە بچووکەش لەمن وەربگرێت. لێرەدا باسی نوسەرەکە تەواو بو.

****** ****** ******

هیوادارین بەم کورتە ژیانە توانیبێتمان دلسۆزیی و وەفای خۆمانمان دەربڕی بێت لەبەرامبەر ئەم زانا موجاهیدە کۆڵنەدەرە ، خوای گەورە جەزای خێری بداتەوەو لەگەڵ پێغەمبەران وسدیقین و شەهیدان و پیاوچاکاندا حەشری بکات . ئامین

**سایتی باسک**

www.bzotnawa.org

**2005 / 12 / 10**